گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دەستنیشانکردنی سنووری هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان

**پ.د. سلێمان عبدالله اسماعیل**

بەشی جوگرافیا, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

Sulaiman.ismail@su.edu.krd

**عیماد عبدول حسێن رسول**

بەشی جوگرافیا, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

Emadabdull1986@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٣/٩/١٠

پەسەندکردن:٢٠٢٣/١٠/٣٠

بڵاو کردنەوە:بەهار٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**

*Region, Kurd, Kurdistan, Boundary, Rolava*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.1.18

## پوختە

هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان ئەو پانتاییە جوگرافییەیە کە درێژەپێدەر و تەواوکەری باکور و باشوری کوردستانە ، هیچ جیاکەرەوەیەکی جوگرافی و سروشتی نابینرێت کە جیایی بکات لە بەشەکانی تری کوردستان ، ڕووبەری هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان (٣٣١٥٠)کم$^2$ ، بە پێی دابەشکاری کارگێڕی دەوڵەتی سوریا خاکی هەرێمی ڕۆژئاوا دەکەوێتە نێو چوار پارێزگای سوریا ئەوانیش پارێزگای ( حەسەکە ، ڕەقە ، حەلەب ، ئیدلب ) ، بە نزیکەی (١٨٪) کۆی خاکی دەوڵەتی سوریا پێکدەهێنێت ، وە ڕێژەی نزیکەی (٤،٨٪) خاکی کوردستانی گەورە پێکدەهێنێت .

### ئامانجی توێژینەوە:

١- دەستنیشانکردنی سنووری ڕۆژئاوای کوردستان .

٢- دەسنیشانکردنی ڕووبەری ڕۆژئاوای کوردستان.

٣- دەسنیشانکردنی ڕێژەی خاکی هەرێمی ڕۆژئاوا بەراورد بە کۆری ڕووبەری کوردستانی گەورەو دەولەتی سوریا.

### گرنگی توێژینەوە:

گرنگی و بایەخی توێژینەوە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی دەسنیشانی سنووری وڕووبەری ناوچەی توێژینەوە کراوە، بە سوود وەرگرتن لە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS) .

### گرفتی توێژینەوە:

١- نەبوونی داتاو زانیاری دروست لەسەر ڕووبەر و سنووری هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان، لە دەیەها سەرچاوەی زانستی .

٢- زۆر لە توێژەرو ئەکادیمیەکان و مێژوونوسان لە باسکردنی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان، دیاریکردنی سنوری ڕۆژئاوا و ڕووبەرەکەیان پشتگوێ خستوە ، یان بە هەرەمەکی و خەمڵاندن دایان ناوە ، خەمڵاندنەکەش بابەتیانە نیە بەڵکو خۆیان لێ رزگار کردووە .

### گریمانەی توێژینەوە:

١- ئەو ڕووبەرەی کە پێشتر خراوەتە ڕووو کەمترە لەوەی کەلە ڕآستیدا(واقعدا) هەیە .

٢- لە ڕوووی ڕووبەرەوە ڕێژەی ڕووبەری خاکی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان زیاترە لەوەی کە پێشتر باسی لێوە کراوە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ڕێبازی توێژینەوە:**

لە توێژینەوەکەماندا پشتمان بە میتۆدی(مێژووی و وەسفی و شیکاری) بەستووە، وەکوو میتۆدێکی سەرەکی، لەگەڵ پەیڕەوکردنی شێوازی شیکردنەوەی بەراوردکاری بۆ دەستنیشانکردنی سنووریو رووبەری هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها پەنامان بردووەتە بەر بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)وەکوو تەکنیکێکی چالاک بۆ وێنە کێشانی نەخشە لە دەستنیشانکردنی سنوری ناوچەی لێکۆلینەوە، دەستخستنی داتاو زانیاریەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە .

**پلانی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژینەوەکە وادەخوازێت کە توێژینەوەکەمان بۆ سێ تەوەری سەرەکی دابەش بکەین، بەجۆرێک لە تەوەری یەکەمدا ئاماژە بە بە چەمکی کورد وکوردستان کراوە، و لەتەوەری دووەمدا باس لە هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان کراوە، هەروەها لە تەوەری سێیەمدا ڕووبەرو شێوەو شوێنی هەرێمی ڕۆژئاوا باسکراوە، لە کۆتایشدا لێکۆڵینەوەکە بە چەند دەرئەنجام وڕاسپاردەیەک گەیشتوە .

**پێشەکی:**

هەرێم پارچەیەکە لە سەر ڕووی زەوی لە ناواخندا تەبا و یەکگرتووە سیفەتی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە ، جیادەکرێتەوە لە ناوچەکانی دەورو بەری بە دیاردەیەک یان کۆمەڵە دیاردەیەک. لەم توێژینەوەدا هەوڵماندواە دەستنیشانی سنوری هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان بکەین بە شێوەیەکی جوگرافی ، بۆ ئەم مەبەستەش لە پێشدا زاراوەی کورد و کوردستانمان ڕوونکردوەتەوە ، ئەوجا ئەو بیر و بۆچونانەی هەیە لە سەر سنوری هەرێمی ڕۆژئاوا خستومانەتە ڕوو. لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە دۆزینەوە شوێنەوارییەکان و بەڵگە مێژووییەکان لە گەڵ ڕای نوسەر و توێژەرانی بێگانە و توێژەرانی عەرەب و سورییەکان لە گەڵ توێژەر و مێژوونوسانی کورد هەروەها نەخشە و داتا ئەرشیفیەکان بەستووە ، بۆ خستنە ڕووی سنوری جوگرافی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان ، لە پاشان بە پێی بۆچونی خۆمان و لە سەر بنچینەی ئەو بەڵگانەی خستومانەتە ڕوو ، سنور ڕووبەر و شێوەی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستانمان بە شێوەیەکی جوگرافی دەستنیشانکردوە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ١- چەمکی کورد و کوردستان

### ١ – ١ کورد

نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە لەو کەوانە شاخیە گەورەی باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا لە مێژوودا سەری هەڵداوەو پەرەی سەندووە، ئەم کەوانە شاخیە کە بڕبڕەی پشتی ئەم ناوچەیە دادەنرێت کە لەم سەردەمەدا پێی دەگوترێت ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، و چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس و دەگرێتەوە. کوردەکانی ئەمرۆ نەوەی ڕاستەوخۆی دانیشتوانی ئەسڵی ئەم هەرێمەن پێش ئەوەی فارس وعەرەب وتورک بێن بۆ ئەم هەرێمە، کورد لە شوێنێکی دیکەوە نەهاتوون بۆ ئەم هەرێمە بەڵکو دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم هەرێمەن . (خورشید، ٢٠٢٠، لا١٥ ) .

کورد نەوەی گوتیەکانن، گوتیەکانیش پاپیرانی کوردی ئێستان، لە نوسراوە سۆمەرییەکاندا ناوی پێشینانی کورد هاتووە لە دەوروبەری ٢٤٠٠ ساڵ پێش زاین، کورد بە ناوی گوتی (Guti ) ناسراوە، ئەم گوتیانە لە هەردوو دیوی چیایی زاگرۆس نیشتەجێبوون ، گۆتیام ( کوردستان ) و ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە دەوروبەری ساڵانی ( ٢٠٠٠ ) پ.ز کەوتونەتە بەر شاڵاوی داگیرکاری هۆزە هندۆ – ئەوروپیەکان .( جزیری، ٢٠١٧،ص٥).

ئەم هۆزانە پاش ئەوەی لە نیشتمانی ڕەسەنی خۆیان لە ناوچەی پۆنەتیک ( Ponitic area ) کۆچیان کرد بۆ گۆتیام لە دەوروبەری ساڵانی ( ١٥٠٠ ) ساڵ پ.ز ، لەمە بە دواوە ناوی ئارییەکان لە هەرێمەکانی گۆتیام بە دەرکەوت، میدیەکان کە دەستیان بە سەر چیایی زاگرۆس ( گۆتیام ) دا گرتبوو کە بەهێزترین شەپۆلی داگیرکاری ئارییەکانیان پێک دەهێنا، پاش تێپەربوونی چەند سەدەیەک و تێکەڵ بوونی هەردوو پێکهاتەکە گەلێک دروست بوو کە زمان و شارستانیەت و سیما ئەنترۆپۆلۆجیەکانی ئارییەکان زاڵبوو بە سەر کوتیەکان ، هەردوو پێکهاتەکە یەکیانگرت یەک گەلی یەکگرتوویان لێ دروست بوو ، وە مێژوو نوسی بە ناوبانگی یۆنانی هیرۆدۆتس ناوی میدییەکانی لێ ناون ، بۆیە لە ئێستادا کورد بە نەوەی میدیەکان دەناسرێت . ( خورشید ، طالب ، ٢٠٠١ ، ص١٥١ )

زۆربەی زانایەکانی مێژوو لە سەر ئەوە هاوران کە کورد بەشێکن لە کۆمەڵەی ئاری ، ڕەگ وریشەیان دەگەرێتەوە بۆ ئەو گەلانەی لە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس وناوچەکانی دەوروبەری نێشتەجێ بوون لە سێ هەزار ساڵ پێش زاین . وە ڕەگ و ڕیشەی کورد لە دوو چین پێک هاتووە ئەوانیش، چینی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکەم لە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس نێشتەجێ بوون کە (لۆلۆ ، کوتی ، کورتی ، جوتی ، جودی ، کاسی ، سۆباری ، خلدی ، هۆری ، میتانی ) وە چینی دووەم گەلانی هیند و ئەورووپین کە هاتوون وە پاشان نیشتەجێ بوون لە ناوچەکە وەک (میدیەکان و کاردۆخییەکان ) تێکەڵ بە گەلانی ناوچەکە بوون و پاشان کوردی لێ دروست بووە . ( عقلان ، أوسی، ٢٠١٧ ، ص٢) .

**١ –٢ کوردستان**

وشەی کوردستان ( نیشتمانی کوردەکان ) بۆ یەکەم جار لە نوسراوە مێژووییەکانی مێژوونوسانی عەرەب ، لە سەدەی دوازدە بەرچاو دەکەوێت ، بە پێی ئەو نوسراوانە ، کوردستان ئەو نیشتمانە لە خۆ دەگرێت کە خۆرهەڵاتی بناری شاخەکانی تۆرۆس لە گەڵ باکوری زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس بە یەکەوە دەبەستێتەوە . ( ناس ، فلاخ ، ئاییۆخا ، ٢٠١٩ ، لا٦٧ ) . سەبارەت بە بوونی ئەم دەستەواژەیە لە سەر نەخشە جوگرافییەکان رەنگە ئیبن حەوقەل کە کۆچکردووی ساڵی ٩٧٧ ی زاینیە یەکەم کەس بێت کوردستانی لە سەر نەخشەی هەرێمی چیاکاندا دیاری کردبێ ، بە ناوی ( گەرمیان و کوێستانی کوردان ) ناوی بردبێ . ( ئیسماعیل ، ٢٠٠٦ ، لا ١٥ ) .

سلیمان عبدلله لە تێزی دکتۆرایەکەیدا سەبارەت بە دەستەواژەی کوردستان دەڵێت مانایی ( نیشتمانی کوردە ) وە ئەم دەستەواژەیە هەم جوگرافییە هەم نەتەوەییە ، کوردستان ئەو نیشتمانەیە کە کورد تێدا نیشتەجێیە لە سەرەتای مێژووەوە وەک گروپێکی مێژووی جیاواز ، وە ئەم رایە هەریەک لە فاسلی نیکتین و محەمەد ئەمین زەکی بەگ و ئەدغار بالانس و محەمەد فەرید وەجدی و ئەدمۆنس ، جەلال تاڵەبانی ، مونزر مەوسلی ، شاکر خەسباک ، فواد حەمە خورشید ، جەمال رەشید ، جەواد مەلا و زۆرێکی تر لە سەری هاوڕاو کۆکن . (اسماعیل،٢٠٠٤، ص٤١٧ ) .

سەبارەت بە ڕیشەو ڕەچەڵەکی دەستەواژەکە ، لێکۆڵیاران بە سەر دوو گروپدا دابەش بوون ، گروپێکیان وای داناوە کە دەستەواژەکە دەستەواژەیەکی کوردییە لە دوو بڕگەی ( کورد ) و ( ستان ) واتە نیشتمان پێک دێت ، گروپەکەی تر وایی بۆ دەچێت کە دەستەواژەکە گوزارەیەکی فارسیە لە دوو بڕگەی ( کورد ) و ( ستان ) پێکدێ مانای وولاتی ئازاکان یاخود وولاتی شۆرەسواران دەدات . ( ئیسماعیل،١٩٩٩، لا٥ ) .

کوردستان وەک ناوی هەرێم و زاراوەیەکی جوگرافی بۆ یەکەم جار لە ناوەراستی سەدەی دوازدەهەمی زاینیدا لە ساڵی (١١٥٧ز) لە سەردەمی سەلجوقییەکاندا ، هەروەها مێژوونوسی بە ناوبانگی فارس حەمەدەڵلە مستەوفی قەزوینی لە کتێبەکەیدا ( نزهە القلوب ) لە دەوروبەری (١٣٤٠ز) دا ناوی کوردستانی هێناوە. ( أوزأغلو ، ٢٠١٦ ، ص٤٧ ) . گەریدەی بە ناوبانگی ئیتالی مارکۆ پۆلۆ ( ١٢٥٤ – ١٣٢٣ ز ) یەکەم کەس بووە ناوی کوردستانی تۆمار کردووە بە " کاردستان " ناوی بردووە ، لە سەدەی حەڤدەهەمیشدا بۆ ماوەیەک بەشێکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بە شێوەیەکی رەسمی بە ویلایەتی کوردستان ناوبراوە . ( نەقشەبەندنی،١٩٩٤،لا٦ ) .

**٢- هەرێمی ڕۆژئاوایی کوردستان** : لەم باسەدا هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی زانستیانە هەریەک لە چەمکەکانی هەرێم و ڕۆژئاوای کوردستان و سنور پێناسە بکەین ، پاشان بە پشت بەستن بە بەڵگە جۆراو جۆرەکان سنور و ڕووبەری هەرێمی رۆژئاوای کوردستان دەست نیشان بکەین :-

**١-٢ چەمکی هەرێم**

مەبەست لە زاراوەی هەرێم ( الاقلیم – Region ) ناوچەیەکە لە سەر ڕووی زەوی ، کە جیا دەکرێتەوە لە ناوچەکانی دەوروبەری بە دیاردەیەک یان کۆمەڵێک دیاردە یان تایبەتمەندی ڕوون ، کە کەسایەتی و تەبایی هەرێم لە ناواخندا بە دەردەخات . ( العانی ، ٢٠٠٦ ، ص٣١ ) ، یاخود بەشێکی سەر زەمینە لە ناوخۆدا لە ڕووی ڕوخسار و تایبەتمەندی ڕوونە و هەماهەنگی تێدایە ، ئەمەش وا دەکات لە سەر زەمینەکانی دەوروبەری خۆی جودا بکرێتەوە ، کە تێکەڵەی چەند توخمێکە وەک زەمین ، ئاو ، هەوا ، ڕووەک ، مرۆڤ لە یەکەیەکی شوێندا کە دیاردە جوگرافییەکان تیایدا بە شێوەیەکی سروشتی هەما هەنگن . ( ئیسماعیل ، ٢٠٠٦ ، لا ١٢ ) .

هەرێم ڕووپێوێکی زەمینە کە ڕووخسار و خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە ، ئەو ڕوخسار و خاسیەتە تایبەتانە یەکپارچەی و کاراکتەرەکەی بەرجەستە دەکەن ، ئەگەر چی تا ئێستا شێوە و ڕووبەر بۆ هەرێم نەکراوەتە مەرج ، بەڵام دەبێت پێوانەیەک یان چەند پێوانەیەک بۆ لێکچوونی بەشەکانی هەبێت ،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تاکوو هەرێم بەم بەشە لێکچوانە لە دەورو بەری خۆی جیا بکرێتەوە، سەرەنجام هەموو هەرێمێک دەبێ :

١ – سنورە هەرێمیەکەی و جموجۆڵ و چالاکییە جیا جیاکانی خەڵکەکەی لە گەڵ یەکتردا بگونجێن.

٢– پایتەختێکی هەرێمی هەبێت وەک ناوەندێک لانی کەمی پێداویستیەکانی دانێشتوانەکەی دابین بکات .

٣ – سنورە ئیدارییەکەی لە گەڵ دیاردە سروشتی و مرۆییەکاندا بگوجێ .(محەمەد،٢٠١٣ ،لا١٥).

لە سەر بنەمای ئەوەی خرایە ڕوو دەتوانین بڵێین هەرێم پارچەیەکە لە سەر ڕووی زەوی کە لە ناواخندا تەبا و یەکگرتووە ، لە ڕووی دیاردەیەک یان چەند دیاردەیەک جا چ سروشتی بێت یان مرۆیی ، بە بەراورد لە گەڵ ناوچەکانی دراوسێی ناتەبا و جیاوازە ، ئەم جیاوازی و ناتەباییە جیایی دەکاتەوە و هەرێمەکەی پێ دەناسرێت .

## ٢ – ٢ چەمکی ڕۆژئاوای کوردستان

چەمکی ڕۆژئاوای کوردستان دەستەواژەیەکی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ پێش ڕێکەوتنی سایکس پیکۆ ، لە ئەدەبیاتی سیاسی ڕۆژئاواییەکاندا بە تایبەت فەرەنسی و بەریتانیەکاندا هاتووە ، مەبەست لێیان ئەو بەشانە بووە کە کەوتونەتە ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری کوردستان(میرانی، ٢٠٠٣ ،ص٢١) . فەرەنسیەکان و بەریتانیەکان لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهان ئەو بەشەی کوردستان کە لکێنراوە بە سوریاوە ، لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆیاندا بە " کوردستانی ڕۆژئاوا یان بەشی باشوری ڕۆژئاوا لە کوردستان " ناویان دەهێنا (میرانی،٢٠١٠،ص٩) .

کوردستانی سوریا ئەم چەمکە لە ئێستادا بە کاردێت بۆ ئەو ناوچانەی کە کورد تێیدا زۆرینەن لە چوارچێوەی جوگرافیایی سیاسی سوریا (حصاف،٢٠١٧،ص٢٣٠) ، لە ئەدەبیاتی پارتی کرێکارانی کوردستان (p.k.k) باشوری بچوک بە کاردێنن بۆ جیاکردنەوە لە باشوری مەزن (کوردستانی عێراق) ، وە ڕۆشنبیران و کوردەکانی ئەم ناوچانە چ لە باکور یان ڕۆژئاوا بەم سنورە دەستکردە کێشراوەی نێوان هەر دوو دەوڵەتی تورکیا و سوریا چەمکی ( خەت - هێڵ ) بەکار دەهێنن ( جزیری ،٢٠١٧،ص٢٧٨) . مەبەست لەم خەتە ئەو هێڵی شەمەندەفەرەیە کە ئەڵمانەکان دایانمەزراندبوو بە هێلی ( بەغدا –

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرلین ) ناسراوە ، هەر بۆیە بە کوردەکانی باکوری کوردستان دەوترێت ( سەرخەت ) ، وە (بن خەت ) بۆ کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە کاردێت (سمایل ، ٢٠٠١ ، لا٣٥ – ٣٦ ) .

پێمان وایە لە سەردەمی ئێستادا چەمکی ( ڕۆژئاوا – رۆژئاڤا ) چەمکێکی زۆرتر بەربلاوە لە ناو ڕاگەیاندن و پارت و ڕێکخراو و دام و دەزگا ئەکادیمیەکانی کوردستانی ، وە بەشێک لە ئەکادیمی و نوسەر و توێژەرە بێگانەکانیش ، چەمکی (باشوری ڕۆژئاوای کوردستان )نیش بەکاردێت ، ئەمەش بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی هەرێمی رۆژئاوایە بە گوێرەی نەخشەی کوردستانی گەورە.

## ٢ – ٣ چەمکی سنور

پێناسەی چەمکی سنور جیاوازە بە پێی زانستە جیاوازەکان لە زمانی یاسادا ، بریتیە لە هێڵێکی بەربەستی جیاکەرەوە کە دەبێتە هۆی دیاریکردنی ئەو مەودایەی (مدى) کە دەوڵەت دەتوانێت سەروەری تێدا بڵاو بکاتەوە ، جیاکردنەوەی دوو دەوڵەت یان زیاتر لە یەکتر ، سنور لە چەمکی سەربازیدا مەبەست لێی هێڵی لێکەوتە (تماس) یان ڕووبەڕوو بوونەوەیە کە پێویستە پارێزگاری لێ بکرێت ( الديب ، ١٩٩٠ ، ص٣٣٥) . لە زمانی جوگرافیادا بریتیە لە هەرێمی ڕامیاری دەوڵەت هەر وەک چۆن بەشدارە لە دروستکردنی کەسایەتی جوگرافی و شارستانی ، شان بە شانی توێژینەوەی لە سەر دەکرێت (السماک،١٩٩٣،ص٩٤)

سنور لە جوگرافیایی ڕامیاریدا کە بابەتی توێژینەوەکەمانە : بریتیە لە تایبەتمەندی دەوڵەت کە چوارچێوە هەرێمیەکەی دیاری دەکات ، واتە ئەو زەوییەی کە دەتوانرێت کەڵکی لێ وەربگیرێت وەبەربهێنرێت ، ئەوەی ئەکەوێتە ئەم چوارچێوەیە ڕووبەری وشکانی و ئاوی و بوارە هەواییەکەی سەریان .......هتد (الديب،٢٠٠٢،ص٦٢١) . کە لە سەر نەخشە بە هێڵێک و لە سەر زەوی بە سیم یان دیوار .....هتد دەکێشرێت . (کەریم، ٢٠٠٩ ،لا١٨) . باسکردن لە سنورەکانی ڕۆژئاوای کوردستان پەیوەستە بەو سنورە سیاسیەی دەوڵەتی سوریا ، کە لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی ، دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی ئەم دەوڵەتە نوێیە دروست بوو .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئاڵەنگاری و دژواری دیاریکردنی سنوری ڕۆژئاوای کوردستان :-

١ – زۆر لە نوسەر و مێژوونوسان لە باسکردنی ڕۆژئاوای کوردستاندا ، دیاریکردنی سنوری ڕۆژئاوا و ڕووبەرەکەیان پشتگوێ خستوە ، یان بە هەرەمەکی و خەمڵاندن دایان ناوە ، خەمڵاندنەکەش بابەتیانە نیە بەڵکو خۆیان لێ رزگار کردووە .

٢ – نەبوونی کیانێکی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان لە ڕابردوودا.

٣- دان نەنان بە بوونی کورد بە شێوەیەکی دەستوری و یاسای لە دەوڵەتی نوێی سوریادا ، دژایەتیکردنی مافەکانی لە لایەن حکومەتی سوریاوە .

٤ – ڕۆژئاوای کوردستان دووچاری سیاسەتێکی پلان بۆ دانراو بووە، هەڵمەتێکی فراوانی گۆرینی ئەتنیکی بووە ، بە جۆرێک کاریگەری فراوانی لە سەر دیمۆگرافیایی ڕۆژئاوای کوردستان دروستکردووە.

٥ – کەمی لێکۆڵینەوەی زانستی و داتا و زانیاری لە سەر جوگرافیا و مێژووی نەتەوەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان .

٦ – توانەوەی بەشێک لە کوردەکان لە ناو کۆمەڵگای عەرەبی سوریادا ، بە جۆرێک کەلتور و زمانی عەرەبی بە سەریاندا زاڵ بووە ، زمان و جل و بەرگی کوردی لە بیرکردووە بە کاری ناهێنن .

٧ – نەبوونی سەرژمێرییەکی تەواو لەم بەشەی کورستان ، بگرە خەمڵاندنێکی بابەتیانەش لە بەردەستدا نیە .

### ٢ – ٤ دیاریکردنی سنوری هەرێمی ڕۆژئاوا

دەستنیشانکردنی سنوری هەرێمی ڕۆژئاوا لە بەر هۆکار و ئاڵەنگاریانەی ئاماژەیان پێکرا دژوار و ئەستەمە ، ناچارین پشت بە بەڵگەی مێژووی و جوگرافی و دیدەنی و گەریدەکان ، بیرو باوەری کەسانی ئەکادیمی و ڕامیاری لە گەڵ توێژینەوە زانستیەکان و نەخشە و دۆکۆمێنت و ئینسکلۆپیدیای وڵاتە فەرمانڕەواکانی کوردستان و ئینسکلۆپیدیای ووڵات و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ببەستین ، لەم سۆنگەیەوە دیاریکردنی سنوری ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەت لە بەشەکانی باشور و باشوری ڕۆژئاوای هەرێمەکە ، دیاریکردنێکی یەکلاکەرەوەو یەکجارەکی نابێت بەڵکو زیاتر بە نزیکەی ( تقریبی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

) دەبێ ، گوزارشت لە ڕای توێژەر دەکات ئەوێش پشت بەستن بەو پێوەرانەی کردوین بە بنەما ، لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

**٢-٤-١ : دۆزینەوە شوێنەوارییەکان و بەڵگە مێژووییەکان**

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بۆ ئەوە ئەکەن کە ناوچەی جەزیرەی سەروو ، ئەو خاکەیە بە درێژای مێژوو کوردی لێ ژیاوە ، هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکان کە لە چەند ناوچەیەکی شوێنەواری ئەنجام دراوە ، ئەوە دەسەلمێنن کە کورد بەردەوام لەم ناوچانە نیشتەجێ بووە ، گەلی سۆبارتۆ وەک نمونە وەربگرین کە لە ناوچەکانی نێوان چیایی زاگرۆس و ڕووباری خابور ژیاون ، وە حۆرییەکان شاری ( ئۆرکیش ) یان کردوە بە پایتەختی دەوڵەتەکەیان کە دەکەوێتە سەر چاوگەکانی خابور ، مەلیکی میتانی (ساوشتر)ی یەکەم شاری (واشۆکانی / سەرێ کانی ) لە سەر چاوگەکانی خابور وەک ناوەندی فەرمانڕەوای خۆی داناوە (میرانی،٢٠١٦،ص١٠-١١) . کۆنترین تۆماری مێژوویی سەرزەمینی سۆبارتۆی دۆڵی دووزێ دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پێش زاین کە بە نوسینی بزماری تۆمار کراوە ، لەو کاتەدا ئەم نیشتمانە لە ناوچەکانی جەزیرە و قامیشلی و عامودە و حەسەکە لە سەر ئاوزێلی ڕووباری دیجلە و خابور بووە . (کەریم ، ٢٠٠٩ ، لا٢١) .

تەنانەت بەشیک لە لێکۆڵقانە هاوچەرخەکان دەڵێن مێژووی بوونی کورد لە ناوچەی جەزیرە و عەفرین دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش زایین ، بۆ سەردەمی نیشتەجێبوونی ئەو گەلانەی کە بە شاخاوی ناو دەبران لە بەشی باکور و ڕۆژهەڵاتی نزیک ( زنجیرە چیایی  زاگرۆس و تۆرۆس ) ، تاوەکوو دەگاتە باکور بە ئاراستەی چیاکانی قەفقاز و ئاسیای بچوک ، توێژینەوە مێژووییەکان وڵاتی کوردان بە شوێنی سەرهەڵدانی یەکەم شارستانی مرۆڤ دادەنێن لە چاخی بەردینی نوێدا کە شارستانی ( تەل حەلەفیان ) بووە ، هاوشێوەی کەوان فراوان بووە لە ڕووباری زێی گەورە لە باشوری کوردستان ، لە ڕۆژهەڵاتەکەیەوە دەستی پێکردووە تاوەکوو فورات لە ڕۆژئاوا (عەفرینی ، ٢٠٢١ ، لا ٨٠ ) .

شاری ئۆرکیشی کۆن کە دەکەوێتە سێگۆشەی خابور واتە لە بەشی ڕۆژئاوای دەشتی بە پیت (السهل الخصيب ) ، هەڵکەووتوە لە نێوان سەرێ کانی و حەسەکە و قامشلی ، ناوەندی فەرمانرەوای حۆرییەکان بووە ، کە دەسەڵاتیان لە باکور دەریاچەی وانی تێپەڕاندووە ، وە لە باشور تاوەکوو ڕوباری دیالە بووە ( برکات ، ٢٠١٩ ، ص٦٩) .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢-٤-٢ : ڕای نوسەر و توێژەرانی بێگانە :**

جیرارد جالیاند نوسەری فەرەنسی لە کتێبەکەیدا لەو بەشەی باسی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زانیاری لە سەر کوردی سوریا پەرش و بڵاوە ، لێرەو لەوێ دەکرێت زانیاری لە سەریان بە دەست بخرێت ، بە تایبەت لە کتێبەکانی عەرەب و موسڵمانەکان لە سەدەی ناوەڕاست ، جیرارد ژمارەی کورد لە سوریا بە (٨٢٥٠٠٠) کەس لە قەلەم دەدات ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ساڵی ١٩٧٦ ڕێژەی (١١ ٪ ) کۆی دانێشتوانی دەوڵەتی سوریایی پێک هێناوە ،کە (٧,٥) ملیون کەس بووە ، دابەش بوون بە سەر ناوچەکانی ( چیایی کوردان ، چیایی سەمعان ، ئەعزاز ، جەزیرەی باکور ، جەزیرەی باشور ، حەلەب ، دیمەشق ، ناوچەکانی دیکە ) ، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کورد لە سوریا بۆ بژێوی ژیانیان پشت بە کشتوکاڵ و ئاژەڵ داری دەبەستن ( جالیاند ، ٢٠١٢ ، ص٢٩٧-٣٠٠).

پرۆفیسۆر جوردی تیجیل لە کتێبەکەیدا لە سەر کوردی سوریا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ، کە زۆرینەی کوردانی سوریا بە کرمانجی دەئاخڤن ، کە زاراوەیەکی سەرەکی زمانی کوردیە ، کوردەکان موسڵمانی سونەن جگە لە ئێزیدییەکان ، بڵاوبوونەتەوە لە نێوان جەزیرە و ناوچەی چیایی سەمعان (جبل سمعان) ، دۆڵی عەفرین و کورداخ. کوردەکان لە سەردەمی ئینتیدابی فەرەنسیدا ، دانیشتوانەکەی لە سێ ناوچەی بەرتەسک دابرێندرابوون لە یەک ، ئەوانێش جەزیرە و جرابلس و کورداخ (عفرین) ، بە درێژای سنوری تورکیا ، ئەم ناوچانە درێژکراوەیەکی سروشتی ناوچە کوردییەکانە لە تورکیا و عێراق ، کوردەکانی سوریا بە هۆکاری ڕەچەڵەکی جوگرافی و مێژوویان وە شێوازی ژیانیان ( ڕەوەند / نێشتەجێ ) بووە ، تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم نەبوونەتە کۆمەڵگایەکی هاوچەشن ( متجانس ) ( تیجیل ، ٢٠٢١ ، ص٣٠ ) .

مێژوونوسی بەریتانی ستیڤن همسلی لونکریک لە گەڵ مێژوونوسی عێراقی مجید خدوری ، پشتگیری ئەوە دەکەن ناوی سوریا لە مێژووی کۆن و نوێدا ، مەبەست لێی چەند ناوچەیەکی جیاواز بووە ، هەرگیز ناونیشانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبووە ، خدوری و لونکریک جەخت لە سەر ئەوە دەکەن بە درێژای فەرمانڕەوای عوسمانیەکان (١٥١٧ – ١٩١٨ ) ، عەرەب لە وڵاتەکانیاندا هیچ قەوارەیەکی سیاسی تایبەت بە خۆیان نەبووە ، بەڵکو لە لایەن دام و دەزگا هەرێمیەکان (الولايات) کە سەر بە باب و عالی بوون لە ئیستانبوڵ بەڕێوە بردراون ، بە واتایەکی تر زۆربەی قەوارە عەرەبیە مۆدێرنەکان هیچ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شەرعیەتێکی مێژووی و جوگرافی و سیاسیان نییە لا ڕابردودا ، بە پێی ئەو دابەشکردنە کارگێرییەی عوسمانیەکان پشتیان پێ دەبەست لە ساڵی ١٩٠٤ ، سوریا یەک یەکەی کارگێری پێک نەهێناوە بەڵکو دابەشبووە بە سەر سێ ویلایەت ئەوانیش ویلایەتی سوریا و ویلایەتی حەلەب ویلایەتی بەیروت ( میرانی ، ٢٠١٦ ، ص٨-٩ ) .

کارستن نیبور دۆزەرەوە و ماتماتیکزان و زانای کارتۆگرافی ئەڵمانی ، پاش گەشتێکی بۆ جەزیرە ساڵی ١٧٦٤ز ، دیدار و چاوپێکەوتن لە گەڵ ژمارەیەک سەرۆک هۆزی کوردی ناوچەکە ، نەخشەیەکی بڵاوکردەوە ، ناوی ئەو عەشیرەتانەی بڵاوکردووەتەوە کە گەشتەکەیدا چاوی پێیان کەوتووە ، ئەوانێش عەشیرەتەکانی شیتیە ، مەلییە ، دەقورییە ، کیکیە ، جاجانیە ، لە بەشی باکوری جەزیرەی سوریای ئێستا ، جێگەی باسە ناوی هیچ هۆزێکی عەرەبی نەهێناوە جگە لە قەبیلەی (تەی) کە لە ئەوپەڕی خواروی جەزیرە نیشتەجێن (مونتغمری ، ٢٠٢٠ ، ص٩) .

هاریت مونتغمری توێژەری بەریتانی لە سەر کوردی سوریا دەڵێت " ئەو بەشی کوردستانە کە کەوتە ژێر هەژموونی فەرەنسیەکان ، دەکاتە باکوری دەوڵەتی سوریایی هاوچەرخ ، کوردی سوریا بەشێکن لە نەتەوەی کورد ، ناوچە کوردییەکان بەشێکی ڕووبەری جوگرافی کوردستان پێک دەهێنن ، هاوبەشن لە ڕووی کلتور و داب و نەریت و ئاین ، ژمارەیان لە نێوان دوو بۆ سێ ملیۆن کەسە ، نیشتەجێ بوون لە سێ ناوچەی سەرەکی بە درێژای پشتێنەی سنوری باکوری سوریا ئەوانیش ( کورداخ ، کۆبانی ، پارێزگای حەسەکە ) (مونتغمری ، ٢٠٢٠ ، ص٢٥ ) .

گەریدەی فەرەنسی فرسوا فولنی لە کتێبەکەیدا کە لە پاریس دەرچووە بە ناونیشانی (گەشتێک بۆ میسر و سوریا ١٧٨٨ – ١٧٨٩ ) باس لە بوونی کورد دەکات کە بە چڕی لە ناوچەکەدا هەن . بە هەمان شێوە گەریدەی فەرەنسی هولویس الکسندر کورانسی (١٨٧٠ – ١٨٣٢) سەردانی ناوچە کوردییەکانی کردووە ، باسی جۆرە جیاوازەکانی ئەسپی لە ناوچەکە کردووە لە ساڵی ١٨١٦ دەڵێ " لە ڕۆژهەڵاتی سوریا ئەسپی کوردی لێیە کە سەرنج ڕاکێشتر و جوانترن ، وە گەورەترن لە ئەسپی عەرەبی . ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (ب.لیرخ) لە باسی کورد لە سوریا دەڵێ " کورد لە ناوچەکانی حلب و دۆڵی عەفرین دەژین ، وە جەزیرە کوردێکی زۆ زیاتری لێیە " (میرانی ، ٢٠١٦ ، ص١٩-٢٠ ) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆن کەیڤس ، سەرحەد ئێرکمێن ، جۆناتا سپایر بە هاوبەشی توێژینەوەیان لە سەر کورد و رێکخستنە سیاسیەکانی ئەنجام داوە ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە تا ئێستا ئامار و سەرژمێریەکی ورد لە سەر بنەمای زمانی دایک و نەتەوایەتی لە سوریادا نەهاتوەتە گۆرێ ، تەنیا لە سەر بنەمای دابەشبوونی دانیشتوان بە سەر ئاستەکاندا سەرژمێری ئەنجام دراوە ، هاوکات بەشێکی ئیکجار زۆر لە کورد لەو وولاتەدا خاوەنی پێناس و ناسنامەی هاولاتیبوون نین ، لە بەر ئەوە ئەستەمە بگەینە ژمارەیەکی ورد و دروست. بە گشتی کورد لە سێ شوێن چر بوونەتەوە ئەوانیش ، جەبەلو ئەکراد ، کۆبانی ،جەزیرە (حەسەکە) ، وە کورد لە ناوەندی شاری حەلەب لە دێر زەمانەوە نیشتەجێن کە لە دوو ناوچەی سەرەکین ئەوانیش گەرەکی ئەشرەفیە لە گەڵ شێخ مەقسود ، لە پارێزگای لازقیە کورد لە ناوچەیەکدا نیشتەجێن بە ناوی جەبەل ئەکراد کە جیاوازە لە (جەبەل ئەکرادی ) کە لە عفریندا کوردانی تێدا نیشتەجێن ، لە ناوەندی شاری لازقیە زۆر گەرەکی کورد نشین هەن .(ئێرکمێن ، کەیڤس ، سپایر ، ٢٠١٧ ، لا ١٣-٢٠) .

### ٢-٤-٣ : رای نوسەر و توێژەرە عەرەب و سوریەکان :

بە گوێرەی مێژوونوسان و جوگرافی ناسانی عەرەب وەک ( بلازری ، تەبەری ، ابن اثیر ) ئەو هۆزانەی کە بە ناوی کوردەوە ناسراون ، پتر ناوچەکانی رۆژهەڵاتی رووباری بۆتان و کەنارەکانی باکوری دیجلەیان تا جزیرێ ( جزیرێ ابن عومەر ) نیشتەجێن . (ئەرفەع ، ٢٠٢١،لا١٢) . توێژەر و جوگرافی ناسی سوری احمد وصفی زکریا (١٨٨٩-١٩٦٤) لە توێژەرە لە پێشەکان دادەنرێت کە بە دادپەروەرانە (انصاف) لە سەر کورد دواوە و دەڵێت " کورد زۆرینەیان دەکەونە باکوری وڵاتی شام نزیک لە سنوری ئێستای تورکیا ، لە قوڵای باکور لە قەزای ئەعزاز و باب و جرابلس لە گەڵ قەزایەکانی باکوری رۆژهەڵات لە لیوای جەزیرەی فوراتی ، ئەمانە هەمووی کوردی رەسەنن ( اکراد اقحاح ) ، عەرەب پێیان نەگەشتووە لە هێچ روویەکەوە ( میرانی ، ٢٠١٦ ، ص٢٣ ) .

توێژەری سوری عادل عبدالسلام لە کتێبەکەیدا لە جوگرافیایی هەرێمی سوریا ، ئاماژە بە کورد دەکات وەک پێکهاتەیەکی نەتەوی سوریا ، توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ، کورد لە سوریا لە ناوچە سنورییەکانی باکور لە گەڵ تورکیا نیشتەجێن ، لە ناوچەی کورداخ لە ناحیەکانی بلبل ، راجو ، جندریس ، ناوەندی عەفرین ، وە هەندێک ناوچەی اعزاز ، ئەم ناوچانە دەکەونە ئەپەری باکوری گۆشەی رۆژئاوا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

، تێکەڵ دەبێتەوە لە گەڵ ناوچەی کورداخ و جبل سمعان ، ئەم ناوچەیە زیاتر لە (٥٥ ٪ ) کوردی سوریای لێ دەژی ، ناوچەی دووەمی نیشتەجێبوونی کوردەکان دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕێڕەوی ڕووباری فورات لە نێوان جرابلس و (حمام صغیر ) ، لە حمام صغیر دەتوانرێت بە نزیکەی بڵاوبونەوەیان بکێشرێت ، لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات تاوەکو گوندی بندرخان نزیک ( عین العرب ) ، لە گەڵ ناوچەی (تل أبيض) لە سنوری تورکیا – سوریا ، کە لە ڕووی کارگێڕیەوە دەکەونە بەشی باکوری ناوچەی (عين العرب )( عبدالسلام ، ١٩٨٢ ، ص٢٢٢).

کۆتا ناوەندی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە دوای عفرین ، دووەم قورسایی نیشتەجێبوونی کوردی تێدایە ناوچەکانی ( رأس العين ، درباسية ، عامود ، قامشلی ) لە گەڵ ناوچەکانی باکوری حەسەکە و باکوری ناحیەی تل حمیس بە ئاراستەی باکوری ڕۆژهەڵات تا ناوچەی مالكية کۆتایی دەندوکی مراوی ( منقار البطة ) ، دەکرێت ئە کوردە ئێزیدیانەش لە گەل کوردەکانی باکوری سوریا لێکبدەین کە لە دورگەیەکی بچوکی کوردیدا دەژین لە کۆتاییەکانی ڕۆژئاوای چیایی شەنگال لە خاکی سوریە ، سەبارەت بە عەرەبەکانی ئێستای سوریا ئەم توێژەرە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ، کە ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ عەرەبەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی ، لە گەڵ هاتنی موسڵمانان (فتوحات الأسلامية ) شەپۆلی عەرەبە سامیەکان لە نیمچە دورگەی عەرەبەوە ڕوویان لە سوریا کردووە ( عبدالسلام ، ١٩٨٢ ، ص٢٢٢) .

دکتۆر أديب معوض کە بیرمەندێکی لوبنانیە کتێبێکی لە سەر کوردی سوریا و لوبنان داناوە ، بە وردی ئاماژە بە هەموو لایەنەکانی تایبەت بە ژیانی کورد لە سوریا و لوبنان دەکات ، ئەم توێژەرە لە سەر کورد لە سوریا دەڵێت " کورد لە سوریا دوو بەشن ، بەشێکیان تێکەڵ ( مندمجون ، ممتزجون ) لە گەڵ کۆمەڵگەی عەرەبی لە سوریا ، بە جۆرێک هێچ نیشانە و ئاسەوارێکی ڕووکەش لە نەتەوە بوونی ئەوان نەماوە ، ئەم کوردانە نیشتەجێن لە دیمەشق و حەما ، لە گەڵ چەند شوێنێکی تری کۆماری سوریا وەک قەزای حارم لە نێوان حەلەب و ئەسکەندەرۆنە ، لە گەڵ چیایی کوردان لە عەلەوین کە ژمارەی گوندەکانی لە هەشتا گوند کەمتر نییە ، ئەم چیایی کوردانە جیاوازە لە جیایی کوردان ( کورداخ ) لە باکوری ڕۆژئاوای سوریا هەڵکەوتووە ، هەموو ئەم کوردانەی دیمەشق و حارم و عەلەوین و حەما ، رەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ کوردانی کوردستان بە تێکەڵی و خزمایەتی ، بەڵام زمان و جل و بەرگیان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆراوە ، تێکەڵ بە کۆمەڵگەی عەرەبی بوون ، ڕەنگە لە گوندێک یان شارۆچکەیەک تەنها یەک کەسی بە تەمەن هەبێت زمانی کوردی بیرمابێت بزانێت قسەی پێ بکات ، لە نێو ئەم بەشە ڕەسەنەی کورد لە سوریا زۆر زۆر شاعیر و ڕاگەیاندنکار و فەرمانبەری باڵای دەوڵەت و خێزانی خانەدان و بە ناوبانگ لە کۆمەڵگەی سوری هەڵکەوتون " (معوض ، ٢٠١٠ ، ص٢٨-٢٩) .

هەرچی سەبارەت بە ناوچەکانی باکوری سوریایە ، توێژەر پێی وایە کە کورد زۆرینەی ڕەهای ناوچەکە پێک دەهێنن ، وە زمانی کوردی تاکە زمانی بەکارهاتووی ناوچەکەیە ، تەنانەت کەمینەکانی تریش بەکاری دەهێنن ، ئەم ناوچانە نزیکەی دوو هەزار گوندی کوردی لە خۆ دەگرێت ، لە کەنارەکانی ئەسکەندەرۆنەوە لە کورداخەوە درێژ دەبێتەوە تا قەزای جەزیرەی فوراتی لە ڕۆژهەڵات ، قەزایەکانی ( عین دیوار ، قامشلی ، رأس العين ، أراب بينار ، جرابلس ، منبج ، اعزاز ، کورداخ ) دەگرێتەوە (معوض ، ٢٠١٠ ، ص٣٠) .


**٢-٤-٤ : نەخشە و داتا ئەرشیفیەکان :**


نەخشەیەکی فەرەنسی کە مێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەستنیشانکردنی سنوری دەوڵەتی سوریا ، ئەوە دەسەلمێنێت کە کورد زۆرینەی هەرە زۆری ناوچەی جەزیرە پێک دەهێنێت ، ئەم نەخشەیە لە مجلەدی گشتی ساڵی ١٩٢٤ کە ژمارە (S-L : CP569) هەڵگرتووە ، لە ئەرشیفی نیشتمانی فەرەنسا لە شاری نانت پارێزراوە ، ئەم نەخشەیە لە لایەن هێزەکانی فەرەنسا کێشراوە پێش پڵاوبوونەوەیان لە ناوچەکە لە ئازاری ١٩٢٢ ، نەخشەکە بڵاو بوونەوەی خێڵ و عەشیرەتەکان ڕوون دەکاتەوە لە ناوچەکە ، کە لە کۆی چواردە عەشیرەت یازدەیان کوردن ، لە سنوری عێراق لە ڕۆژهەڵات تاوەکوو سەرێ کانی (رأس العين ) لە ڕۆژئاوا. بڕوانە نەخشەی ( ا ژمارە ٦ ) .(حاجو،٢٠٢٠، www.rudawarabia.net ) .

عەشرەتە عەرەبەکانیش (الشيشانة ) لە سەرێ کانی وە دوانەکەی تر ( الطي ، حرب )ن لە خواروی جەزیرە، نەتوانراوا ژمارەی کەسەکان و خێزانەکانی عەشیرەتەکان دیاری بکرێت لە جەزیرە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو ، لە ئەرشیفی نیشتمانی فەرەنسی هیچ زانیاریەک لە سەری نیە ، بەڵام ئەرشیفی دۆمەنیکا لە پاریس (Saulchoir) ژمارە فایلی ( IV Djezireh, 45, Dossier

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

45, Historie de la Haske ) بەڵگەکان ئەوە بە دیار دەخەن ژمارەی دانیشـــتوان و ژمارەی گوندەکانی نۆعەشـیرەتە کوردەکە ، کە لە گەڵ دوو عەشـرەتی تر لەم بەڵگەیە ناویان هاتووە ، لە گەڵ ژمارەی دانیشـــتوان و ژمارەی گوندی دوو عەشـــیرەتە عەرەبەکان هاتووە لەم فایلە ، بە پێی ئەم سەرژمێرییە ژمارەی گوندەکانی نۆ عەشیرەتە کوردییەکە کە لە نەخشەکەدا ناویان هاتووە ٥٠٩ گوندە ژمارەی دانیشـتوانی ٤٣٤٥٥ کەسـە ، ژمارەی گوندەکانی دوو عەشـیرەتە عەرەبییەکەش ١١٧ گوندە ( ١٤ گوند هی عەشـــیرەتی حرب ، ١٠٣ هی عەشـــیرەتی طي ) ژمارەی دانیشـــتوانیان ٨٦٣٠ کەس بووە .(حاجو،٢٠٢٠، www.rudawarabia.net ) . میرنشینی کوردە مەندیەکان یان جونبڵاتییەکان ( المندیة - الجنبلاطية ) کە میرنشـینی کلیس – ئەعزاز ی پێ وتراوە بە پێی سـەرچاوە مێژوویەکان بۆ ماوەی چوار سـەدە فەرمانڕەوای سـێکوچکەی سـیروس ( حلب – ئەنتاکیە – عنتاب ) کردووە،هەموو ناوچەکانی عەفرینی ئێستا و ناحیەکانی حارم و ئەعزاز و کلس و باکوری دەشتی (العمق ) گرتوەتەوە تا چیای کوردان لە ناو سـنوری تورکیایی ئێسـتا درێژ بووەتەوە ، وە کوردە ئێزیدیەکان لە دەوری ئەم میرنشینە کۆبوونەتەوە ، کە تا ئێستاش شوێنەواری ئەم مێرنشینە ماوە لە چیای بارسی لە ڕۆژئاوای شاری کلس ، بە ناوی (قەڵای جنبلات ) کە ١٥کم لە شاری عەفرینەوە دورە . ( علي ، ٢٠١٨ ) نەخشەی ( ب ژمارە ١ ) .








لمصور (7) - الحدود التقريبية لإمارة كلس

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


**(ا) عەشیرەتەکانی جەزیرە (١٩٢٢)** **(ب) میرنشینی مەندیەکان (کلیس – ئەعزاز)**




**(ت)ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی (١٩١٥** **(پ) سنوری ناوچە کوردنشینەکان بە ڕای (علی جزیری)**

**نەخشەی (١) ڕۆژئاوای کوردستان لە نەخشە میژووی و ئەرشیفیەکاندا**

**سەرچاوە : (ا)** حاجو ، سیامند ،(٢٠٢٠) ، خريطة فرنسية تثبت أن الكورد يشكلون الغالبية العظمى من سكان الجزيرة https://www.rudawarabia.net/arabic/opinion/170420201

**(ب)** علي ، محمد عبدو ، ( ٢٠١٨ ) ، إمارة الاكراد المندية – الجنبلاطية في ولاية حلب (إمرة كلس) ١٢٠٠م – ١٦٠٠م ، مجلة الحوار ، السنة ٢٥ ، العدد ٧٢ .

**(ت)** ئەحمەد ، بژار عوسمان ، (٢٠٢٢) ، نەخشەی باشور و ڕۆژئاوای کوردستان لە ئەرشیفی بەریتانیادا .

**(پ)** جزيري ، علي ، (٢٠١٧) ، الكرد و كردستان (كردستان سوريا أنموذجا ) ، الطبعة الأولى ، مطبعة جامعة صلاح الدين ، أربيل ، ص٧٧٨ .

پرۆفیسۆری فەرەنسی فابریس بالانش ، جوگرافی ناس و پسپۆر لە جوگرافیایی سیاسی سوریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ، ئەم توێژەرە زۆر بە ووردی لێکۆڵینەوەی لە سەر ناوچە کوردییەکانی سوریا وە باکوری سوریا بە گشتی ئەنجام داوە ، خاوەنی ئەتڵەسێکی بڵاونەکراوەیە ، بە ناوی ( ئەتڵەسی جوگرافیایی مرۆیی باکوری سوریا ) کە لە پەیمانگای فەرەنسی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانراوە ،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژەر زۆر بە ووردی ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی دیاری کردووە ، ئاماژەی بە ناوە کۆنەکانیان کردووە ، ئاماژەی بە هەموو ئەو گۆرانکاریانە کردووە کە لە ئەنجامی سیاسەتی بە عەرەب کردن لە ناوچەکەدا ئەنجام دراوە ، لە گەڵ دیاریکردنی هەموو ئەو گوند و شار و شارۆچکانەی دەستنیشانکردووە ، ئاماژەی بە ڕەچەڵەکی دانیشتوان و ناوی ڕەسەنی ناوچەکان کردووە بە پشتبەستن بە نەخشەو بەڵگەی سەردەمی ئینتدابی فەرەنسی ، نوسەر سەرەتا توشی سەرسوڕمان بووە لە نهێنی بوونی ناوی کوردی بە چڕی لەمێژووی کۆنی ئەو ناوچانە ، باکوری سوریا بە گشتی کە لازقیە لە باکوری خۆرئاوای سوریا دەست پێ دەکات تا کۆتا خاڵ لە ڕۆژهەڵات ، توێژەر لە گریمانەکانیدا ڕاستیەکی ڕوونکردووەتەوە ، لە سەر بوونی کورد لە مێژووی کۆنی ئەم ناوچانە کە لە لازقیە دەست پێدەکات دەروات بەرەو ئیدلب ، حەلەب ، ڕەقە ، حەسەکە .(بادینی ، ٢٠١١، http://sawtalkurd1.blogspot.com ) .

نەخشەیەک کە لە ئەرشیفی بەریتانیادایە ، لە ئاداری ١٩١٥ کێشراوە بۆ دیاریکردنی سنوری ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی کە بە (تورکیا) ناوی هاتووە ، لە نەخشەکەدا سنوری کوردستان دەچێتە سەر دەریایی ناوەراست کە بەندەری ئەسکەندەرۆنەیە ، هەر لە نەخشەکەدا شاری ( حەلەب ) ی بە بەشێک لە خاکی رۆژئاوا داناوە . بڕوانە نەخشەی ( ت ژمارە ٦) ، ( کتاب تقویم البلدان ) ووڵاتی کوردان لە پێنج ئیقلیمدا نیشان دەدات ، حەوتەمین ئیقلیم جەزیرە بووە ، عیبادەت بووە لە دیاری مەحەضر (رقە) ، دیاری ربیعة (موصل) ، دیاربەکر(ئامەد) ، حەلوان ،......الخ . (کەریم ، ٢٠٠٩ ، لا٣٣ ) .

**٢-٤-٥ : ڕایی نوسەر و توێژەرە کوردەکان :**

مێژوونوســی گەورەی کورد ( محەمەد ئەمین زەکی بەگ ) ســەبارەت بە کورد لە ســوریا ، ڕایی وایە بوونی کورد لە ســوریا دەگەڕێتەوە بۆ ســەردەمانێکی کۆن ، لە شــێوەی کۆمەڵە و خێڵ و ڕەوەند ، لە چەند ناوچەیەکی باکوری ئەم وووڵاتە نێشــتەجێ بوون ، زەکی بەگ لە کتێبەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ژمارەیەکی زۆر کورد لە ویلایەتی حەلەب دەژین ، کە خۆی لە ٣٧ عەشــیرەتی کوردی دەدات ، هەروەها کۆمەڵێک تیرە و عەشـیرەتی تر لە ناوچەکانی (حارم) و (جبل الوسـط) و (بیلان) ، وە لە

حەوزی ڕووباری (العاصی) و ( جبل الأكراد) بوونیان هەیە ، لە شاری دیمەشق ژمارەیەکی زۆر کوردی لێیە . (زکی بک ، ١٩٣٦ ، ص٣٦) .

پرۆفیسۆر ئیسماعیل حصاف کە خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوە و کتێبی مێژووییە لە سەر ئەم بەشەی کوردستان ، ڕای وایە ڕۆژئاوای کوردستان دەکەوێتە ناوچەکانی باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا ، کە هاوسنورە لە گەڵ باکور و باشوری کوردستان (سنوری سوریا – عێراق – تورکیا ) لە ڕووی جوگرافییەوە خاکەکەی دابەش بووە بە سەر پارێزگاکانی حەسەکە ( جەزیرە) کە ناوچەکانی جەزیرەی سەر و هەرێمی دیجلە و خابور و حەسەکە دەگرێتەو ، وە کورداخ (چیایی کرمانج ) کە شاری عەفرین ناوەندی سەرەکی ناوچەکەیە و پایتەختی بازرگانی و سیاسیە ، بەشێک لە خاکەکەی دەکەوێتە پارێزگای رەقە لە گەڵ بەشێک لە پارێزگای ئیدلب ، لە گەڵ بوونێکی چڕی کورد لە دیمەشقی پایتەخت (حصاف ، ٢٠١٧ ، ص٢٢٨ ) .

نوسەرو توێژەری رۆژئاوای کوردستان(شرفانی) ڕای وایە دەرەنجامە سیاسیەکانی جەنگی یەکەمی جیهان بە سوێ و کاریگەر بوون لە سەر کورد و پرسە ئازادیخوازەکەی ، بە تایبەت پاش ڕێکەوتنی سایکس – بیکۆ و ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی ، دابەشکردنی کوردستانی عوسمانی لە سەر لایەنە زاڵەکان بە بێ خواستی گەلی کورد ، بەشێکی کوردستان خرایە ژێر ئینتیدابی فەرەنسی پاش ڕێکەوتنی ئەنقەرەی نێوان فەرەنسا و کەمالییەکان ساڵی ١٩٢١ ، کە ئەم بەشەش پێک هاتبوو لە ( جەزیرە ، کۆبانی ، کورداخ ) کە لە ناوەندە سیاسیەکانی بەریتانیا ، بە کوردستانی ڕۆژئاوا ناوی دەهێنرا ، لەو کاتەوە چارەنووسی ئەم بەشەی کوردستان بەستراوەتەوە بە دەوڵەتی نوێی سوریاوە . (شرفاني ، ٢٠٢١ ، ص ٢٥ ) .

بەشێک لە ئەکادیمی و توێژەر و نوسەرە کوردەکان سەبارەت بە سنوری ڕۆژئاوای کوردستان ، پێیان وایە سنوری هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان لە چیایی شەنگال دەست پێ دەکات ، کە ناوچەکانی باکوری سوریا بە شێوەیەکی پێچاو پێچ دەگرێتەوە ، ئەویش ناوچەی جەزیرە بە گشتی و دێرک ( المالكية ) سەرێ کانی ( رأس العين )، دەرباسیە، عامودە، قامشلی ، حەسەکە ، گرێ سپی (تل الأبيض ) ، مەنبەج ، باب ، عەعزاز ، چیای کرمانج ( جبل الأكراد ) ، عەفرین ( کورداخ ) ، کوبانی ( عين العرب )، سرين ( صرين ) ، تربەسپی ( القحطانية ) ، شهباء ، لە گەڵ هەندێک ناوچە لە بەرزاییە کەنارییەکان بە ئاراستەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەریایی ناوەڕاست ، ئەمەش گوزارشت دەکات لە ڕای هەریەک لە (عەبدوڵا غەفور ، فواد حەمە خورشید ، سلێمان عەبدوڵا، و ئازاد نەقشەبەندی، علی جزیری*، بڕوانە نەخشەی ( پ ژمارە ٦ ).
لێرەدا توێژینەوەکە دەگاتە ئەوەی بڵێین لەسەر بنەمایی ئەوەی خرایە ڕوو، پشت بەست بەو بەڵگە مێژووی و جوگرافی و توێژینەوە جۆر بە جۆرە ئەکادیمیەکان، و ئەو ڕاو بۆچوونانەی پێشوو دەتوانین بڵێین،

هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان ئەو پانتاییە جوگرافیەیە کە درێژە پێدەر و تەواوکەری هەردوو بەشی باکور و باشوری کوردستانە، لەم ناوچەیەدا پێگەیشتنێکی جوگرافی لەگەڵ هەردوو بەشەکەی تری کوردستاندا هەیە، هیچ جیاکەرەوەیەکی جوگرافی سروشتی نابیندرێت کە جیایی بکاتەوە لە بەشەکانی تری کوردستان، لە ئێستادا بەشێکی لکێنراوە بە دەوڵەتی سوریا لە پاش جەنگی یەکەمی جیهاندا . سنوری هەرێمی ڕۆژئاوا لە باکورەوە ڕوون و ئاشکرایە، چونکە سنورێکی سیاسی و نێودەوڵەتی هەیە کە وڵاتی تورکیا لە وڵاتی سوریا جیادەکاتەوە، هەرچەندە هیچ جیاکەرەوەیەکی سروشتی نابیندرێت، لە هەندێک شوێن هاوشان دەڕوات لە گەڵ هێڵی خێرای شەمەندەفەری ڕۆژهەڵات (بەغدا – بەرلین)، بە دیاریکراوی لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە لە ناحیەی بلبل لە شاری عەفرین دەست پێدەکات و تێدەپەڕێت بە باکوری شاری ئەعزاز، باب ، جەرابلس ، کۆبانی ، گرێسپی ، سەرێ کانی تا باکوری دێرک ( المالكية) درێژ دەبێتەوە بە دیاری کراوی تا (عين الديوار ) . سنوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمەکە هاوشان دەڕوات لەگەڵ سنوری هەرێمی کوردستانی عێراق ، بە دیاریکراوی لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە ڕووباری دیجلە سنوری جیاکەرەوەیە تا دەگاتە پیشابور لە وێوە لادەدات بەرەو باشوری ڕۆژئاوا تا خواروی چیایی شەنگال .
سنوری باشوری هەرێمی ڕۆژئاوا لە خوارووی چیایی شەنگال دەست پێ دەکات و تێپەڕدەبێت بە خواروی هۆل ، حەسەکە ، سەرێ کانی ، گرێ سپی ، سرین ، مەنبەج ، باب ، تا چیای کوردان ( جبل سمعان ) درێژدەبێتەوە، پاشان شۆردەبێتەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوچەی حارم، و نزیک دەبێتەوە لە ناوچە کەنارییەکان لە (جسر شغور) لە ئەوپەڕی باشوری ڕۆژئاوا . ڕۆژئاوای هەرێمەکە سنورەکەی هاوشانە لەگەڵ ناوچەی ئەسکەندەرۆنە*، کە لە جسر شغور لە باشوری ڕۆژئاواوە هەڵدەکشێت بە

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆژئاوای حارم و عەفرین تێدەپەڕێت تا دەگاتەوە شارۆچکەی بلبل لە ئەوپەڕی باکوری ڕۆژئاوا. نەخشەی ( ٢ )

---

* لیوای ئەسکەندەرۆنە تا ساڵی ١٩٣٩ ئەم ناوچەیە لە ژێر دەستی فەرەنسیەکان بووە ، سەر بە دەوڵەتی سوریا بووە ، دواتر بە پێی ڕاپرسیەک بە بڕیاری عصبة الأمم خرایە سەر دەوڵەتی تورکیا ، تا ئێستاش ناوچەیەکە مشتومڕی لە سەرە ، سوریا بە بەشێک لە خاکی خۆی دەزانێت . (جزیری ، ٢٠١٧ ، ص٢٨١ ) .




**نەخشەی(٢) هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان**

**سەرچاوە :** کاری توێژەر لەڕێگەی بەکارهێانی پرۆگرامی(Arc GIS V.10.7) پشت بەست بە زانیارییە بە دەست هاتوەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە شێوەیەکی گشتی بە پێی دابەشکاری کارگێری دەوڵەتی سوریا خاکی هەرێمی ڕۆژئاوا لە دەکەوێتە نێو چوار پارێزگای ســوریا بە ڕێژەی جیاواز ، کە لە چەندین ناوچە ( منطقة – قەزا ) پێک دێت بەم شێوەی لای خوارەوە :-

١ – پارێزگای حەسەکە ( هەرێمی جەزیرە ) : کە پێک دێت لە ناوچەکانی دێرک (المالكية) ، قامشلی ، سەرێ کانی ( رأس العين ) ، ناوەندی حەسەکە ( مرکز ) .

٢ – پارێزگای ڕەقە : پێک دێت لە ناوچەکانی گرێێ سپی ( تل الأبيض ) ، سرين ( صرين ) .

٣ – پارێزگای حەلەب : پێک دێت لە ناوچەکانی کۆبانی ( عين العرب ) ، شيوخ تحتانی ، منبج ، باب ، چیایی کوردان ( جبل السمعان ) ، ئەعزاز ، عفرين .

٤ – پارێزگای ئیدلب : پێک دێت لە ناوچەکانی حارم ، جسر الشغور .

## ٣- ڕووبەر و شێوە و شوێنی هەرێمی ڕۆژئاوا :

### ٣-١ ڕووبەر:

ڕووبەر یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکان بۆ دیاریکردنی هێزی دەوڵەت یان هەرێم ، ئەگەر بێتوو ڕووبەری هەرێم فراوان بێت دەبێتە هۆی هەمەچەشنی دەرامەتە ئابورییەکان ، ئەمەش وا دەکات ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لە خۆ بگرێت ، ( طالب ، ٢٠٠٥ ، ص٢٠ ). هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان ( 33150) کم$^2$ ، بە پێی ئەو دەستنیشانکردنەی توێژەر دیاریکردووە ، پشتبەست بە زانیارییە بە دەستهاتووەکان ، ئەم ڕووبەرە ( 4.83 ٪ ) خاکی کوردستانی گەورە پێک دەهێنێت ، وە لە ( 17.90 ٪ ) کۆی خاکی دەوڵەتی سوریا پێک دەهێنێت کە ڕووبەرەکەی ( 185180) کم$^2$. فراوانی ڕووبەری دەوڵەت کاریگەری گرنگی هەیە ، بە تایبەت لە کاتی جەنگدا ، ئەمەش بۆ بەرگریکردن لە لە قوڵاییەوە ، هەرێمی ڕۆژئاوا بە پێی پۆلێنکاری ( هارم Harm J.de Bligl ) ، دەکەوێتە ناو وولاتە بچوکەکان ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا تەنها ڕووبەر پێوەر نیە بۆ توانا و هێزی دەوڵەت ، ڕەنگە دەوڵەت هەبێت ڕووبەری زۆر بێت بەلام بێ سوود بێ بە هۆی ئەوەی بیابان بێت یان یان ناوچەیەکی بەستەڵەک( فتح الله ، ٢٠١٤ ، لا٨٤ ) . هەرێمی ڕۆژئاوا خاوەنی خاک و دەرامەتی سروشتی زۆرە کە هێز و توانستی زۆری پێدەبەخشێت .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٣-٢ شێوە :**

دوایی ( ڕووبەر ) شێوە یەکێکە لە تایبەتمەندیە جوگرافییەکانی دەوڵەت ، کە دەتوانێت لە سەر کردار و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان کاریگەری بە جێبهێڵت ، هەر دەوڵەتێک بە هۆی ئەوەی لە یەکەیەکی ڕووبەری زەوی پێکهاتووە ، خاوەنی شێوەیەکی تایبەتە کە لە دەوڵەتەکانی تری جیا دەکاتەوە ، گرنگی شێوە کاتێک دەردەکەوێ دوری و ماوەی ناوچەکانی دەوروبەر لە ناوەندی دەوڵەتەوە یان گرفتێک بەهۆی ئەم دورییە لە بەڕێوەبردنی وولاتدا بێتە ئاراوە (محمدامین،٢٠١٥،لا٦٤) .

هەرێمی ڕۆژئاوا شێوەی درێژکۆلەییە، ئەمەش بەو دەوڵەتانە دەوترێت کە درێژیەکەی لایەنی کەم شەش ئەوەندەی پانیەکەی بێت ، ئەم تایبەتمەندیە لە شێوەی دەوڵەت کاریگەری لە ڕووی خراپی و باشیەوە هەیە ، هەندێک جار وادەکات جیاوازی لە ڕووی پێشکەوتنی ناوچەکان دروست بێت ، دروستبوونی چەندێن ناوچەی ئاوهەوای جیاواز، لە ڕووی سەربازیەوە کەرتکردنی ئەم جۆرە لە دەوڵەت ئاسانە لە لایەن دوژمنەوە دابڕینی لە سەنتەرەوە (محمدامین،٢٠١٥،لا٦٩) . ئەگەر بڕوانینە هەرێمی ڕۆژئاوا دەبینین شێوەی هەرێمەکە کاریگەری گەورەی دروستکردووە لە سەر هەرێمەکە، بە جۆرێک دەوڵەتی تورکیا توانیویەتی چەند بەشێکی هەرێمەکە کەرت بکات و دایبڕێت لە ناوچەکانی تری هەرێمەکە، وەک عەفرین و سەرێ کانی .

**٣-٣ شوێن :**

شوێنی دەوڵەت لە گرنگترین فاکتەرە سروشتییەکانە کە کاریگەری لە سەر دیاریکردنی هێز و سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکی هەیە، ڕاستیەکی نەگۆڕە کە هەر دەوڵەتێک شوێنێکی نەگۆڕ و تاکی لە سەر ڕووی زەوی، جیایی دەکاتەوە لە گەڵ دەوڵەتەکانی تر ، ئەوەی جێگای باسە کە شوێنی جوگرافی هەر خاڵێک لە سەر ڕووی زەوی چەسپا و نەگۆڕە، بەڵام گرنگی شوێن و کارێگەرییەکانی دەگۆڕێت بە شێوەیەکی بەردەوام لە گەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گواستنەوەو جوڵە (القصاب،محمد،ص٢٩) .

لە ڕووی شوێنی فەلەکییەوە هەرێمی ڕۆژئاوا دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی (35:50,00°-42:30-40°) ڕۆژهەڵاتی گرینیچ ، وە بازنەی پانی (35:50,00° بۆ 37:50,00°) باکوری هێڵی یەکسان، لە ڕووی شوێنی جوگرافییەوە لە باکورەوە هاوسنورە لە گەڵ باکوری کوردستان ( تورکیا )، لە

ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنورە لە گەڵ هەرێمی کوردستان (عێراق)، لە باشورەوە لە گەڵ دەوڵەتی سوریا هاوسنورە ، لە ڕۆژئاواوە لە گەڵ دەوڵەتی تورکیا هاوسنورە ، هەرچەندە هەرێمەکە لە بەشەکانی ڕۆژئاوایی نزیک دەبێتەوە لە ناوچە کەنارییەکانی دەریایی ناوەڕاست، بەڵام ڕاستەوخۆ ناگات بە دەریا، بۆیە بە هەرێمێکی داخراو هەژمار دەکرێت چونکە هیچ کەلەبەرێکی دەریایی نییە . بڕوانە نەخشەی (٢) .

**دەرئەنجام:**

لەکۆتای توێژینەوەکە پشت بەست بە زانیاریانەی لەتوێژینەوەکەدا خراونەتە ڕوو، هەروەها پشت بەست بەو ڕاستیانەی کە توێژەر لە توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووە ئاماژە بە هەندێک خاڵ دەکەین، ئەوانیش بریتین لە:-

١- زۆربەی توێژەر و نوسەرو مێژوونوسان و ئەکادیمیەکان کەلەسەر ئەم ناوچەیان نوسیوە گەیشتونە بەو ڕاستیەی کە کورد دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەیە .

٢- ڕووبەری هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان(٤.٨٣٪)ی خاکی کوردستانی گەورەی پێکدەهێنێت. هەروەها به ڕێژەی نزیک(١٨٪)ی کۆی خاکی دەولەتی سوریا پێکدەهێنێت، کە ڕووبەرەکەی (٣٣١٥٠کم٢)یە، کە ئەم ڕووبەرەش زیاترە لەوەی کە پێشتر خەملاندنی بۆکراوە.

٣- هەرێمی ڕۆژئاوا خاوەنی شێوەیەکی تایبەتە، کە شێوەکەی درێژکۆلەیی شێوەیە .

**ڕاسپاردە:**

١- بایەخپێدانی دامودەزگا ئەکادیمیەکان بە ناوچەی توێژینەوە، چونکە لە ڕوووی داتاو زانیاریەوە زۆر هەژارە .

٢- پتەوکردنی لایەنی ئەکادیمی لە نێوان زانکۆکانی هەرێمی ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر لایەنەکانی تری هەرێمەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لیستی سەرچاوەکان:

1. غەفور ، عەبدوڵا ، (٢٠١٩) ، کوردستان دابەشی کارگێری تریتۆری ١٩٢٧-٢٠١٧ ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، لا ٩٤-٩٥ .
2. [٢] خورشید،فواد حەمە ، (٢٠٢٠) ، نەخشەی کوردستان لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیایی سیاسی ، وەرگێرانی :سوداد رەسوڵ ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی . لا١٥٨
3. [٣] اسماعیل ، سلیمان عبدالله ، (٢٠٠٤) ، السیاسة المائیة لدول حوضي دجلة والفرات و انعكاساتها على القضیة الكردیة ، الطبعة الأولى ، مركز كردستان للدراسات الاستراتیجیة ، السلیمانیة . ص٤٢٩
4. [٤] نەقشەبەندی ، ئازاد ، (١٩٩٤) ، دەربارەی دەستنیشانکردنی سنوری کوردستان ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ، ژمارە ٢ ، ساڵی سێیەم ، لا-لا(٥ – ٢٥ ) ، سلێمانی . لا٢٢
5. [٥] جزیري ، علي ، (٢٠١٧) ، الكرد و كردستان (كردستان سوریا أنموذجا ) ، الطبعة الأولى ، مطبعة جامعة صلاح الدین ، أربیل . ص ٢٨٠

6. ١ - خورشید،فواد حەمە ، (٢٠٢٠) ، نەخشەی کوردستان لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیایی سیاسی ، وەرگێرانی :سوداد رەسوڵ ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی .
7. ٢ – جزیري ، علي ، (٢٠١٧) ، الكرد و كردستان (كردستان سوریا أنموذجا ) ، الطبعة الأولى ، مطبعة جامعة صلاح الدین ، أربیل .
8. ٣ – خورشید ، فواد حەمە ، طالب ، جەزا تۆفیق ، (٢٠٠١) ، أصل الكرد ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B ، ژمارە (١٠) ، لا-لا (١٤٧-١٦٠) ، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی .
9. ٤ - عقلان ، خالد ، أوسی ، هوشنك ، (٢٠١٧ ) ،الجذور التاریخیة للقضیة الكردیة ، المعهد المصري للدراسات السیاسیة و الاستراتیجیة ، استانبول .
10. ٥ – ناس و ئەوانیتر ، (٢٠١٩) ، شۆرشی رۆژئاوا ، وەرگێرانی رەفعەت مورادی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی .
11. ٦ – اسماعیل ، سلیمان عبدالله ، (٢٠٠٤) ، السیاسة المائیة لدول حوضي دجلة والفرات و انعكاساتها على القضیة الكردیة ، الطبعة الأولى ، مركز كردستان للدراسات الاستراتیجیة ، السلیمانیة .
12. ٧ – ئیسماعیل ، سلێمان عەبدوڵا ، (١٩٩٩) ، چەمک و سنوری هەرێمی کوردستانی عێراق ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژمارە (١٤) ، هەولێر .

13. ٨ – أوزأغلو ، هاكان ، (٢٠١٦) ، أعيان الكرد والدولة العثمانية ، ترجمة : خليل على مراد ، الطبعة الأولى ، مطبعة جامعة صلاح الدين ، أربيل .
14. ٩ – نەقشەبەندی ، ئازاد ، (١٩٩٤) ، دەربارەی دەستنیشانکردنی سنوری کوردستان ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ، ژمارە ٢ ، ساڵی سێیەم ، لا-لا(٥ – ٢٥ ) ، سلێمانی .
15. ١٠ – ئەرفەع ، حەسەن ، (٢٠٠١) ، کوردەکان لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی و سیاسی ، وەرگێرانی : سەردار محمد ، چاپی یەکەم ، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی .
16. ١١ – زكى بک ، محمد أمين ، (١٩٣٦) ، خلاصـــة تاريخ الكرد و كردســـتان ، ترجمة : محمد على عونى ، مطبعة السعادة ، مكتبة الجامعة الأمريكية بالقاهيرة ، مصر .
17. ١٢ – العانى ، محمد جاســم على شــعبان ،(٢٠٠٦) ، الأقليم و التخطيط الأقليمي ، الطبعة الأولى ، دار الصفاء للنشر و التوزيع ، عمان .
18. ١٣ – محەمەد ، خەلیل ئیســماعیل ،(٢٠١٣)، دۆزی کورد لە نەخشــەی رۆژهەڵاتی ناوەراســتدا ، پێداچونەوەو رێخســتنی : هیوا ســادق ســەلیم ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشــی حەمدی ، سلێمانی .
19. ١٤ – ميراني ، علي صـالح ، (٢٠٠٣) ، الحركة القومية الكوردية في كوردسـتان – سـوريا (١٩٤٦-١٩٧٠) ، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية الاداب ، جامعة دهوک .
20. ١٥ – حصـاف ، إسـماعيل محمد ،(٢٠١٧)، تأريخ كردسـتان سـوريا المعاصـر (١٩١٦-١٩٤٦) ، الجزء الأول ، الطبعة الأولى ، مطبعة جامعة صلاح الدين ، أربيل .
21. ١٦ – سـمايل ، عوسـمان عەبدولڕەمان ،(٢٠٠١)، کورد لە سـوریا (١٩٢٠-١٩٤٦) ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی ، دهۆک .
22. ١٧ – الديب ، محمد محمود إبراهيم ،(٢٠٠٢)، الجغرافية السـياسـية بالمنظور المعاصـر ، مطبعة محمد عبدالكريم ، قاهيرة .
23. ١٨– السماک ، محمد أزهر ، (١٩٩٣) ، الجغرافية السياسية الحديثة ، دار الكتب للطباعة والنشر ، بدون مكان النشر .
24. ١٩ – کەریم ، ئەحمەد ڕەفیق ، (٢٠٠٩) ، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردســتان ، ماســتەرنامەی بڵاونەکراوە ، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، بەشی جوگرافیا ، زانکۆی سلێمانی .
25. ٢٠ – ميرانى ، على صـالح ، (٢٠١٦) ، الجزيرة العليا في ضـوء كتابات الرحالة والوثائق ، الطبعة الأولى ، مطبعة جامعة صلاح الدين ، أربيل .

26. ٢١ – عەفرینی ، حاجی ، ئەوانی تر ، (٢٠٢١) ، عەفرین دەروازەی دەریای نێوەڕاســـت ،چاپی یەکەم ، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .
27. ٢٢ – بركات ، مروان ، (٢٠١٩) ، جبل الكرد – عفرين عبر العصور ، الطبعة الثانية ، شلير للطباعة والنشر ، قامشلو .
28. ٢٣ – جاليا‌ند ، جيرارد ، (٢٠١٢) ، شعب بدون وطن _ الكورد و كردستان ، ترجمة : عبدالسلام النقشبندى ، الطبعة الأولى ، مطبعة اراس – أربيل .
29. ٢٤ – تيجيل ، جوردي ، (٢٠٢١) ، كرد ســوريا التاريخ و الســياســة و المجتمع ، ترجمة : محمد شــمدين ، الطبعة الأولى ، دار الزمان ، ديمشق .
30. ٢٥ – مونتغمري ، هارييت ، (٢٠٢٠) ، كرد سوريا : وجود تعرض للإنكار ، ترجمة : رضوان شيخو ، الطبعة الأولى ، مطبعة جامعة صلاح الدين ، أربيل .
31. ٢٦ – ئێركمێن ، سەرحەد ، جۆن كەيڤس ، جۆناتا سپاير ، (٢٠١٧) ، مێژووی پەیەدە ، وەرگێرانی ماجید خەلیل ، جاپی یەکەم ، چاپخانەی حەمدی ، سلێمانی .
32. ٢٧ – عبدالســلام ، عادل ، (١٩٨١) ، جغرافية ســورية الإقليمية ، القســم الأول ، جامعة ديمشــق ، كلية الأداب ، مطبعة الروضة ، ديمشق .
33. ٢٨ – معوض ، أديب ،(٢٠١٠) ، الأكراد في ســوريا و لبنان – تأريخ ، تقديم : فلك الدين كاكەيى ، الطبعة الثانية ، مطبعة أراس – أربيل .
34. ٢٩ – حاجو ، ســيامند ،(٢٠٢٠) ، خريطة فرنســية تثبت أن الكورد يشــكلون الغالبية العظمى من ســكان الجزيرة قبل ترسيم الحدود* .
35. *https://www.rudawarabia.net/arabic/opinion/170420201
36. ٣٠ – علي ، محمد عبدو ، ( ٢٠١٨ ) ، إمارة الاكراد المندية – الجنبلاطية في ولاية حلب (إمرة كلس) ١٢٠٠م – ١٦٠٠م ، مجلة الحوار ، السنة ٢٥ ، العدد ٧٢ .
37. ٣١ *– باديني،رضــوان ، (٢٠١١) **،** قراءة في أطلس الجغرافيا البشــرية لشــمال ســوريا: التنوع القومي للسكان
38. *http://sawtalkurd1.blogspot.com/2012/07/blog-post_08.html
39. ٣٢ – شــرفاني ، برهان نجم الدين ، ( ٢٠٢١ ) ، كوردســتان - ســورية ضــلال الأنتداب الفرنســى ، الطبعة الأولى ، دار الزمان ، ديمشق .

40. ٣٣ – طالب ، جزا توفيق ، (٢٠٠٥) ، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومي في إقليم كردستان ، الطبعة الأولى ، منشورات مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية ، السليمانية .
41. ٣٤ - غەفور ، عەبدوڵا ، (٢٠١٩) ، کوردستان دابەشی کارگێری تریتۆری ١٩٢٧-٢٠١٧ ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین ، هەولێر .
42. ٣٥ – محمدامین، هاورێ یاسین، (٢٠١٥) ، دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی و جیوپۆلەتیک ، چاپی دووەم ، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ، سلێمانی .
43. ٣٦ – القصاب،نافع ناصر ، محمد،صباح محمود ، عمران عبدالجليل ، (بدون سنة طبع ) ، الجغرافية السياسية ، الجمهورية العراقية وزارة التعليم العالي والبحث العلمي .
44. ٣٧- ئەحمەد ، بژار عوسمان ، (٢٠٢٢) ، نەخشەی باشور و ڕۆژئاوای کوردستان لە ئەرشیفی بەریتانیادا.

---

# Identifying the border of the western Kurdistan region

**Prof. Dr. Sulaiman Abdulla Ismail**
Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Sulaiman.ismail@su.edu.krd

**Imad Abdullah Huseen Rasul**
Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Emadabdull1986@gmail.com

***Keywords:*** *Region, Kurd, Kurdistan, Boundary, Rojava*

## Abstract
The Western Region of Kurdistan is the geographical area that extends and complements the north and south of Kurdistan. There is no geographical and natural separation that separates it from the rest of Kurdistan. The area of the Western

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Kurdistan Region (33150 km2) ، according to the administrative division of the Syrian state ،the territory of the western region is located within four governorates of Syria ، namely The Governorate of Hasaka ،Raqqa ،Aleppo ،Idlib ،about 18% of the total territory of the Syrian state ،and about 4.8% of the territory of Kurdistan It makes up big.

# تحديد حدود إقليم غرب كردستان

**ملخص:**
المنطقة الغربية من كردستان هي المنطقة الجغرافية التي تمتد وتكمل شمال وجنوب كردستان. لا يوجد حد جغرافي وطبيعي يفصلها عن بقية أراضي كردستان. تقع مساحة إقليم كوردستان الغربي بحسب التقسيم الإداري للدولة السورية، ضمن أراضي أربع محافظات سورية، وهي محافظة الحسكة، والرقة، وحلب، وإدلب. و تبلغ مساحتها (33150 كم2)،، ونحو 18٪ من إجمالي أراضي الدولة السورية، ونحو 4.8٪ من أراضي كردستان كبيرة.